# تێنسی ولیامز لە شانۆوە بۆ سینەما

## و/هێمن مەحمود-دەربەندیخان

ئەگەر (یۆجین ئۆنێل) گەورەترین نوسەری شانۆی ئەمریکی جیدی بێت لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، ئەوا هیچ گومانێك لەوەدا نیە کە (تێنسی ولیامز) گەورەترین نوسەری ئەمریکییە لە نیوەی دوهەمی ئەم سەدەیەدا( سەدەی بیست)، ئەمە جگەلەوەی کە یەکێکە لە و نوسەرە شانۆییانەی کە بەرهەمی زۆری هەیە.

(تێنسی ولیامز) دەیەها شانۆگەری درامی پێشکەشکردووە کە بەوە جیاکراوەتەوە چارەسەرێکی قوڵی بۆ کێشە ئینسانییە تەمومژاوییەکان دۆزیوەتەوە.

هەروەها وەك نوسەروچیرۆکنوس و شاعیر یش بەناوبانگبوە و چەندین کۆمەڵە چیرۆك ودیوانە شیعری هەیە.

ئەوەی کە کارەکانی ولیامز جیادەکاتەوە باسکردنێتی لەواقیعی باشوری ئەمریکا وسروشتی ژیان لەوێدا بەشێوەیەکی وەها کە هیچ نوسەرێکی شانۆیی دیکە نەیتوانیوە ئەوە بکات.

جێگای گومانیش نیە ئەو وەك نوسەرێکی شانۆیی وچیرۆکنوسێك ونوسەرێك دەستێکی گەورەی هەبوە لەگۆڕینی چەمکی هاوچەرخی ئەدەبی باشوری ئەمریکا، هەروەها رۆڵێکی گەورەی هەبوە وەك نوسەرێکی باشوری بۆ رێگەخۆشکردن بۆ نوسەرەکانی دیکەی باشور.

رەنگە بتوانیین بەراوردی (تێنسی ولیامز)وەك نوسەرێکی شانۆیی ورۆماننوسی بەناوبانگ( ولیام فۆکنەر)بکەین لە تێگەشتنی قوڵیاندا بۆ ژیان وتەقالیدە رۆشنبیری وکۆمەڵایەتیەکانی باشوری ئەمریکا 0

ئەوەشی وەهایکردووە ئەم دوو نوسەرە ئەمانە ئەنجامبدەن ئەوەیە کە هەردووکیان خەڵکی باشورن ولەوێ گەورەبوون.

(تێنسی ولیامز)لە ویلایەتی (میسیسپی) باشوری ئەمریکا لە ساڵی 1911 لەدایکبووە.

لە تەمەنی 14 ساڵیدا لە پێشبڕکێییەکی ئەدەبیدا بووە بە یەکەم، هەر ئەمەش هانیداوە بۆ بەردەوامبون لەنوسیندا0

لەکۆتاییەکانی ساڵانی سی داو لەماوەی پێش خوێندنی زانکۆیی وخوێندنی زانکۆییداچەندین شانۆنامەی نوسی کەلەسەر تەختەی شانۆ ناوخۆییەکان نمایشکران.

لەو شانۆییانەش شانۆیی(معركة الملائكة) کە لەهۆڵێکی شاری (بوسطن)دا نمایشکرا.

بەڵام ئەو شانۆییەی کە لێهاتوی (ولیامز)ی دەرخست وەك یەکێك لەگرنگترین نوسەری شانۆیی ئەمریکی شانۆیی (لعبة الحيوانات الزجاجية)بو کە لەساڵی 1944دا پێش کەشیکردو و لەسەر هۆڵە شانۆییەکانی شیکاگۆ سەرکەوتنێکی گەورەی وەدەستهێنا پێش ئەوەی لەساڵی داهاتوشدا لەنیویۆرك سەرکەوتنێکی هاوشێوە وەدەستبهێنێت.

ئەم شانۆییە رووداوەکانی لەژیانی نوسەرەکەیەوە وەرگیراوە، و ساڵی 1945 خەڵاتی رابیتەی رەخنەگرانی شانۆ لەنیویۆرك بەدەستدەهێنێت، هەروەها (تێنسی ولیامز)یشی کرد بەیەکێك لە رابەرانی شانۆی ئەمریکی وڕێگاشی بۆکردەوە بۆئەوەی ببێت بەمامۆستایەکی هەمیشەیی لە هۆڵە شانۆییەکانی برۆدوای لەنیویۆرك.

(تێنسی ولیامز) بەدرێژایی هەشت ساڵی دوای ئەوە کۆمەڵێك دەقی ناوازەی شانۆیی پێش کەشکرد لەوانە (عربة اسمها الرغبة)و(الصيف و الدخان) و (وشم الوردة) کە هەموو ئەمانەش سەرکەوتنی گەورەیان وەدەستهێنا لە هۆڵەکانی (برۆدوای).

(ولیامز) دوجار خەڵاتی (بیولتزر) وەدەستهێناوە، یەکەمیان لەسەر شانۆیی(عربة اسمها الرغبة 1948) و دوهەمیش شانۆیی(قطة فوق سطح ساخن 1955).

هەروەها 3 جاریش خەڵاتی ڕەخنەگرانی شانۆی لە ئەمریکا وەدەستهێناوە( 1962,1953,1946 ).

لەساڵانی پەنجاکایشداناوبانگی ( ولیامز ) گەشتە لوتکە دوای ئەوەی شانۆگەرییەکانی لەسەر هۆڵەکانی ( برودوای ) کرا بە فلیمی سینەمایی ناوازە لە هۆلیۆد.

بۆنمونە لەماوەی پەنجاکان وشەستەکاندا پانزە لەشانۆگەرییەکانی کران بەفلیمی سینەمایی وزۆرینەی فلیمەکانیش خۆی یان بەهاوبەشی ئەوانی دیکە سیناریۆکانیان نوسی.

فلیمەکانیش ژمارەیەکی گەورەیان لە فلیمەکانی ئەو سەردەمە پێکدەهێناو بۆ 34 خەڵاتی ئۆسکار پاڵێوران و 9 خەڵاتیشییان وەدەستهێنا.

ئەو فلیمانەشی کە لەسەر شانۆییەکانی ئەو دروستدەکرا نمونەبون بۆ کاری سینەمایی ناوازە چ لەرووی دەق ودەرهێنان ووێنەگرتنەوە،بەتایبەتیش لەرووی نواندنەوە کە چەند ئەکتەرێکی نوخبە ڕۆڵیان دەبینی تیایدا وەك ( مارلون براندۆ،فیفیان لی،کاسرین هیبرن وپۆل نیومان و کارل مالدین وکیم هنتر وجیرالدین بیج )،هەندێك لەو ئەکتەرانەش لەدەقە شانۆ ئەسڵییەکاندا لەسەر تەختەی هۆڵە شانۆییەکانی برۆدوای ڕۆڵیان بینیوە.

لەدیارترین ئەو دەرهێنەرانەشی کە فلیمەکانیان دەرهێناوە ( ئیلیا کازان وریچارد برۆکسۆسیدنی لۆمیت و جۆن هیوستن وجۆرج رۆدی هیل )ە.

یەکەمین شانۆیی ( ولیامز )یش کرا بەفلیم شانۆیی (لعبة الحیوانات الزجاجیة )بو کە دەرهێنەرەکەی ( هارفی )بوو لەساڵی 1950 ختسیە سەرشاشە و نواندنەکەشی هەردوو ئەکتەر( کیرك دۆگلاس و جین وا یمان )بوو.

ساڵی دواتریش فلیمێك بوو لە شانۆیی (عربة اسمها الرغبة )کە دەرهێنەری بەناوبانگ( ئیلیا کازان )دەریهێنا و ( مارلۆن براندۆ وڤیڤیان لی ) ڕۆڵیان تیادا گێڕاوە.

ئەم فلیمە بۆ دوانزە خەڵاتی ئۆسکار پاڵێورا وچوار خەڵاتی بردەوە کە سیانیان بۆ هەرسێ ئەکتەر( ڤیڤیان لی وکارل مالدین وکیم هنتر )بوو.

هەروەها فلیمەکە خەڵاتی ڕابیتەی ڕەخنەگرانی سینەما لەنیویۆرك وخەڵاتی ئەنجومەنی نەتەوەیی ئەمریکی بۆ پیشاندانی فلیمە سینەماییەکان وەرگرت.

لەو فلیمە ناوازانەی دیکە کە لەشانۆییەکانی ( ولیامز )وە وەرگیرابوولەماوەی پەنجاکاندا پێشکەشکران فلیمی (وشم الوردة )بوو کە بۆ هەشت خەڵاتی ئۆسکار پاڵێورا وتوانی سێ خەڵات بباتەوە،یەکێکیان بۆ ئەکتەری سەنگینی ئیتالی ( ئانا مانیانی ) ،فلیمی (قطة علی سطح صفیح ساخن ) کە بۆ شەش خەڵاتی ئۆسکار پاڵێورا.

لەماوەی ساڵانی شەستەکانیشدا ئەو فلیمانەی کە لەشانۆییەکانی ( ولیامز )ەوە دروستکران فلیمی(النوع الهارب ) و(طیر الشباب الحلو ) و(لیلة الاجوانا )بوو.

شانۆییەکانی ( تێنسی ولیامز ) بۆکارە سینەماییەکان گونجاوبوون،بەجۆرێك پێویستی بە گۆڕانکاری سەرەکی نەبوو،ڕەنگە پاڵاوتنی ئەم فلیمانە و بردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لەخەڵاتی سینەمایی و فرۆشتنی بلیتێکی زۆری ئەو فلیمانە لەسینەماکاندا باشترین بەڵگەبن بۆ ئەوە.

تەنانەت هەندێك لەو شانۆگەرییانەش لەساڵانی دواتردا کران بەفلیمی تەلەفزیۆنی،وەك شانۆیی(عربة اسمها الرغبة ) کە بەدوو فلیمی تەلەفزیۆنی نمایشکرا،هەروەها هەریەکێك لەشانۆییەکانی(لعبة الحیوانات الزجاجیة ) و(فجاة في الصیف الماضی ) و(طیر الشباب الحلو ) لە فلیمی تەلەفزیۆنیدا نمایشکرا دوای ئەوەی لەفلیمی سینەمایشدا نمایشکرا.

سەرچاوە/ سایتی ( المسرحیون )

ن/ محمود الزواوی